# گۆڤاری
# ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٥ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.

گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.

ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd


* ئیمێل: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٦/١٦
پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٨/١٣

# کێڵە نەخشێنراوەکانی گوندی داوودیە و دۆڵەدزێ سەدەی (١٧-١٨ز) (توێژینەوەیەکی مەیدانیی شیکارییە)

پ. ی. د. زیاد ئەحمەد موحەمەد
بەشی شوێنەوار - کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین.
Ziyad.mohammed@su.edu.krd

ئەبوبەکر قاسم ئەحمەد
بەشی شوێنەوار - کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین
Abubakrqasm57@gmail.com

پوختە

گۆڕستانەکانی داوودیە و دۆڵەدزێ دەکەونە سنووری قەزای پشدەر لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین. گۆڕستانی داوودیە (شێخ فەرخ) دەکەوێتە گوندی داوودیە، سەر بە کەرتی کشتوکاڵیی (٢٢)ە، سەر بە ناحیەی هەڵشۆیە بە دووریی (٥کم) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ، لە سەر ڕێگەی سەرەکیی سنووری کێلێ هەڵکەوتووە، دەکەوێتە نێوان ئەم گوندانە: سەید ئەحمەد و ئاڵانە لە ڕۆژهەڵات و گوندەکانی دێرێ و کۆشکە لە ڕۆژئاوا، گوندی شۆڕان لە باشوورەوە، چۆمە خڕکە ئەمەر و کاکۆل لە باکوورەوە. گۆڕستانی دۆڵەدزێ دەکەوێتە گوندی دۆڵەدزێ کەرتی کشتوکاڵیی (٣٧)، سەر بە ناحیەی هەڵشۆیە، بە دووریی (١٢کم) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێ. ئەم گۆڕستانانە ژمارەیەکی زۆر گۆڕی تێدایە، بەشێکی کەمی گۆڕەکانی نەخشێنراون. مێژووی ئەم گۆڕستانە بە ڕوونی نازانرێت، لەبەر نەبوونی هیچ سەرچاوە و بەڵگەی مێژوویی دەربارەی گۆڕستانەکە، بۆ زانینی مێژووی گۆڕستانەکە پشت بەو نەخش و هێمایانە دەبەستین کە لەسەر بەردی کێلەکان نەخشێنراون لە کوردستان. بوونی نەخشی وێنەی دەمانچەیەک لە سەر یەکێک لە کێلەکان بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی دروستبوونی چەک یان دەرکەوتنی دەمانچە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بە دیاریکراوی ساڵی (١٤٤٦ز). جۆری ئەو دەمانچەیەی لە سەر کێلی یەکێک لە گۆڕەکانی گۆڕستانی داوودیە کێشراوە و هاوشێوەی لە مۆزەخانەی شاری زاخۆدا پارێزراوە، مێژووەکەی بۆ سەدەی (١٧ز) دەگەڕێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا شەن و کەوی تەواوی بابەتەکان کراوە، بۆ سەرجەم نەخش و نووسینی سەر کێلی گۆڕەکان کە لە پێشدا بە شێوەی زانستی بڵاو نەکراوەتەوە. نووسراوی سەر یەکێک لە کێلەکان بە مەبەستی ئایینییە، تایبەتە بە موسوڵمانەکان. نەخش و جوانکاریی سەر کێلەکانی ئەم گۆڕستانانە پێک هاتوون لە نەخشی ئەندازەیی لە جۆری بازنە، سێگۆشە، لاکێشە و چوارگۆشە و ئەستێرەی پرشنگدار و نەخشی ڕووەکی لە جۆری گەڵا و گوڵ، لەگەڵ وێنەی کەرەستەی جەنگی وەکوو خەنجەر، شمشێر و چەکی بارووت وەک دەمانچە.

وشەکلیلەکان: گۆڕستان، کێڵ، نەخشی سەر کێڵ، نووسراوی سەر کێڵ، مێژوو

## پێشەکی

ئـەم تـوێـژینـەوەیـە هـەوڵێکـە بـۆ نـاسـانـدن و شیکردنەوەی نەخش، نووسین و وێنەی سەر کێلی گۆڕەکانی گۆڕستانەکانی داوودیە و دۆڵەدزێ بە شێوەی مەیدانی. گرنگیی ئەو توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی زانستی و بنەمای ئەکادیمی کـاری مـەیدانی و شیکاری بۆ نەخش، نووسین و وێنەکانی سەر کێلەکان ئەنجام دراوە. ئەم گۆڕستانانە و چەندین گـۆڕسـتـانـی هـاوشـێـوەی ئـەو گـۆڕسـتـانـانـە لە کوردستاندا هیچ وتار، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمییان بۆ ئەنجام نەدراوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆکارێکی گرنکی زانستی بۆ ڕوونکردنەوە و زانینی مێژووی گۆڕستانەکە و هونەری ناوچەکە، هەروەها دەبێتە سەرچاوەی بەڵگەنامەکردنی کێلی گۆڕەکانی ئەو دوو گۆڕستانە. ئـەم تـوێـژینـەوەیـە لـە دەستپێک و دوو باسی سەرەکی پێک هاتووە، لە دەستپێکدا تیشک خراوەتە سەر جوگرافیا، ناو و مێژووی هـەردوو گوند و گۆڕستانەکان. باسی یەکەم بریتییە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، بە شیکارکردنی نەخش و وێنەکانی سەر کێلی گۆڕەکان و خوێندنەوەی نووسینەکان. باسی دووەم هەموو تایبەتمەندیی لێکچووەکان خراوەتە ڕوو، هەروەها سەرجەم وێنەی کێلەکان بە شێوەی مەیدانی لەلایەن توێژەرەوە خراونەتە ڕوو. بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەلایەنی مەیدانیی شیکردنەوەی بابەتەکان لەلایەن توێژەرەوە بەستراوە، چونکە ناوچەی پشدەر کەمترین توێژینەوەی لە بارەوە کراوە. سەرچاوەی سەرەکیی توێژینەوەکە و بەشی هەرە زۆری توێژینەوەکە بە شێوەی مەیدانی ئەنجام دراوە، کاری مەیدانی یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی شوێنەوارناسان، لەگەڵ لایەنی جوگرافیا، مێژوو، شیکاریی نەخش و نـووسـراوەکـان دەکرێتەوە. لەم توێژینەوەشدا پشت بە سەرچاوە و نموونەی مۆزەخانە بەستراوە.

## گرفتی توێژینەوەکە

لە توێژینەوەی مەیدانیدا کێشە و گرفت بەرەو ڕووی توێژەر دەبێتەوە، دیارترین گرفت نەبوونی مێژووی لەدایکبوون و مردنی کەسەکانە لە سەر کێلی گـۆڕەکـان، لـە هیچ سـەرچـاوەیـەکدا ئاماژە بە کاتی دروستکردنی گۆڕستانەکان نـەدراوە. نەبوونی سەرچاوە بووەتە کێشەیەکی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا. گرفتێکی تر؛ شکان و لەناوچوونی هەندێک لە کیلەکانە بە هۆکاری مرۆیی و سروشتی، ئەم گۆڕستانانە کەوتوونەتە سەر سنووری ناوچەی مین و شەڕی گەریلا و تورکیا، قاچاغچی و زۆر شتی تر. نەخشێنراوەکان دەستکاری کراون و لە وێنەگرتندا جوان دەرناکەون.

دەسـتـپێـک: هـــەردوو گـۆڕسـتـانـەکـە دەکـەونـە سنووری گوندەکانی داوودیـە و دۆڵەدزێی سەر بە شـارەدێی هەڵشۆ، سـەر بە قـەزای پشدەر لە پارێزگای سلێمانی، سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (نەخشەی ژمارە ١).

## ١. گۆڕستانی گوندی داوودیە

گۆڕستانی گوندی داوودیـە یـان شێخ فـەرخ، دەکەوێتە گوندی داوودیە، گوندەکە لە بناری چیای مامەندە، بە دووریی (٥کم) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی قەڵادزێ هەڵکەوتووە، دەکەوێتە نێوان گوندەکانی سەید ئەحمەد و ئاڵانە لە ڕۆژهـەڵات و گوندەکانی دێرێ و کۆشکە لە ڕۆژئاوا، گوندی شۆڕان باشوور و چۆم خرکە ئەمەر و کاکۆل لە




نەخشەی(١) هەڵکەوتەی قەزای پشدەر لەسنوری پارێزگای سلێمانی. Jwanro Gis

باکوور (حەسەن، باوەزێی، ٢٠٠٩، ٥١).

ناوی گوندی داوودیە بۆ ناوی "مەلەک ناسر داوودی"ی ئەیوبی دەگەڕێتەوە. جێگەیەکی زۆری لە ناو هزری خەڵکی ناوچەکەدا کردووەتەوە، بۆیە پێدەچێت گوندی داوودیە کە هەتا ئێستا ماوەتەوە، شوێن و مەڵبەندی مانەوەی مەلیکە ئەیوبییەکان بووبێت. لە هەمان کاتدا داستانی خۆشەویستی و فۆلکلۆریی "فەرخ و ئەستێ" کە داستانێکی بەناوبانگی پشدەرییەکانە، بۆ کەسایەتی و سەردەمی هاتنی مەلەک ناسر داوود بۆ پشدەر دەگەڕێنێتەوە (ڕۆژبەیانی، ٢٠٢١، ٨٩-١٠٠).

گۆڕستانەکە دوو ناوی هەیە: داوودیە و شێخ فەرخ. ناوی گۆڕستانەکە بۆ بوونی گۆڕێک دەگەڕێتەوە کە بە ناوی شێخ فەرخ ناسراوە (مارف، ٢٠١٢، ١٥).



وێنە وهێلکاریی ژمارە (١)

وێنەی دەمانچە لە سەر کێل و مۆزەخانەی زاخۆ، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەمی، زایینی،

گوندی داوودیە مێژوویێکی زۆر کۆنی هەیە، بوونی چەندین گۆڕستانی تری کۆن لە گوندەکەدا وەکوو: مەرزەوانان، پێچ بان، دار باپیر، گردە موروو، کانی عەناب و قەبرە وەردان (زەستی ٢٠٠٩: ١٠٨-١٠٩). مێژووی گۆڕستانەکە بە ڕوونی نازانرێت، لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەک یان نووسراوێک لە سەر کێلەکان.

بۆچوونی جیاوازی لێکۆڵەران لە سەر مێژووەکەی هەیە، هەندێک بۆ سەدەی ١٥ی زایینی دەگەڕێننەوە، وەکوو "هەرێم حەسەن و عومەر ئیسماعیل مارف"، بەڵام هیچ بەڵگەی زانستیی دروستیان لە بەر دەستدا نییە. هەروەها شوێنەوارناس محەمەد عەلی مێژووەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی ١٧ و ١٨ی زایینی (شوێنەوارناس ٢٠٢٠: ١١٣). بۆ زانینی مێژووەکەی زیاتر پشت بە بەڵگەیەکی وێنەی کێشراوی دەمانچەیەکی سەدەی حەڤدەیەم لە سەر

کێلی ژمارە چوار دەبەستین، بە بەراوردکردنی لەگەڵ بوونی دەمانچەیەکی پارێزراودا لە مۆزەخانەی زاخۆ (وێنەی هێڵکاریی ژمارە ١) مێژووی گۆڕستانەکە دیاری دەکەین، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەمی زایینی، بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. بە دیاریکراوی بۆ یەکەم جار چەکی باروتی دەمانچە ساڵی (١٤٤٦ز) دروست کراوە (البرلسی ١٩٩٠: ١٣٣). لەگەڵ ئەو نەخش و ڕازاوانەی لە سەر کێلی گۆڕەکان هەیە. هاوشێوەی گۆڕستانەکانی تری کوردستان، بە تایبەتی سنووری نێوان زێی بچووک و سیراون کە هاوسەردەمی ناوچەی پشدەرن، لە سنووری قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانەکان دادەنرێن، لە سەردەمی ئەم میرنشینەدا چەندین شار و شارۆچکە دامەزراون و بوونەتە ناوەندی بڕیاردان لە مەرگە و دارەشمانە، لە نزیک شارۆچکەی قەڵادزێ لە سەردەمی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و میر بۆداقدا (١٠٧٥ک ١٦٦١) (بەرزنجی ٢٠٢٤: ٢٤)، ئەوەش باشترین بەڵگەیە بۆ مێژووی گۆڕستانەکان و کێلی گۆڕەکان.

سەرەڕای کۆنیی گۆڕستانەکە، لە پەرتووکی "دلیل المواقع الأثرية العراقية"دا تۆمار نەکراوە، بەڵام لە کاری ڕووپێویی شوێنەواری سنووری کارگێڕیی ئیدارەی ڕاپەڕین، لەلایەن تیمی هاوبەشی کوردی و فەرەنسی، بە سەرۆکایەتیی خاتوو "جەسیکا" تۆمار کراوە، وەکوو شوێنەوارێکی سەردەمی کۆتایی ئیسلامی (جسیکا ٢٠١٧: ٦-٨). هەر بە پێی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستان، کە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوورە لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا، لە مادەی (١)، بڕگەی (٧)دا هاتووە هەر شوێنەوارێکی گوازراوە و نەگوازراوە تەمەنی لە ٢٠٠ ساڵ زیاتر بێت، بە شوێنەوار دانراوە. بۆیە بە شوێنەوار و مێژووی گرنگی سنوورەکەی لە سەدەی حەڤدەیەمی زایینی دیاری دەکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی گۆڕەکانی گۆڕستانی داوودیە بۆ سێ جۆر گۆڕی جیاواز دابەش دەکرێن:

١. گۆڕە نەخشکراوەکان: ژمارەیان ٦ دانەیە و مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەمانە، کە بە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی نەخشێنراوە. ئەو گۆڕستانە تووشی تێکچوون و دزینی کێلەکان بووەتەوە، ئەوەی ماوەتەوە شکێنراوە.

٢. گۆڕە سادەکان: بەشی زۆری گۆڕستانەکە پێک دەهێنێت، بە سادەیی دروست کراون، لە دوو بەردی سادە کە لەلای سەر و لای پێی گۆڕەکەوە دانراوە، بەشێکی بەردێک یان هیچی نەماوە.

٣. گۆڕە تازەکان: لە بەشی باکووری گۆڕستانەکە تا ئێستا مردووی تێدا دەنێژرێت.

## ٢. گۆڕستانی گوندی دۆڵەدزێ

گوندی دۆڵەدزێ سەر بە کەرتی (٣٧)ی سەر بە شارەدێی هەڵشۆیە، بە دووریی (١٢کم) دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری قەڵادزێوە. بە پێی بەڵگەئاماری سەرژمێریی عێراقیی ساڵی ١٩٥٧ی زایینی، سەر بە شارەدێی قەڵادزێی قەزای پشدەر بووە (غەفوور ٢٠٠٥: ١٣٨). لە باکوورەوە هاوسنووری گوندەکانی کەستانە و خرەبەردانە، لە باشوور گوندی هورێوە و دێگەیە، لە ڕۆژهەڵات گوندی ئاڵاوەیە، لە ڕۆژئاواشەوە گوندەکانی بادەڵیان و کۆلارەیە، لە ئێستادا ڕێژەی دانیشتووان لەم گوندەدا زۆر کەمی کردووە، کە تەنها چوارماڵی تێدا ماوە.

سەبارەت بە ناوی "دۆڵەدزێ" دوو بۆچوون هەیە؛ بۆچوونی یەکەم: هەڵکەوتەی گوندەکەیە کە لە دۆڵێکدا هەڵکەوتووە و ڕووبارێکی پێدا تێدەپەڕێت، ئاوی ئەم ڕووبارە لە ڕابردوودا زۆر لە ئێستا



وێنە و هێلکاریی ژمارە (٢)
گۆڕستانی داوودیە (توێژەر)

ڕێژەکەی زیاتر و بەخوورپتر بووە، بە ڕادەیەک ئەوەندە زۆر بووە پێی گوتراوە "زێ"، بۆیە لەوانەیە ناوی گوندەکە لە هەڵکەوتەی جوگرافیاکەیەوە هاتبێت و پێی گوتراوە "دۆڵەزێ"، دواتریش بە پێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار بووەتە "دۆڵەدزێ". بۆچوونی دووەم: لە دەوروبەری ئەم ناوچەیەوە، بە دیاریکراوی لەو دۆڵەی کە گوندەکەی لێ دروست کراوە، جۆرە ڕووەکێکی درکاویی لێ دەڕوێت پێی دەڵێن "زێ"، لە کۆن و ئێستاشدا وەک پەرژین بە دەوری باخچە و کێڵگەکاندا بەکار هاتووە، یاخود کراوە بە پەرژینی ماڵەکان و کۆزی مەڕوماڵات، لەوانەیە زۆریی ئەم ڕووەکە لەم سنوورەوە وای کردبێت ناوەکەی ببێت بە "دۆڵی زێ"، دواتریش بە تێپەڕبوونی کات گۆڕابێت بە دۆڵەدزێ (حەمزە ٢٠٢٥: چاوپێکەوتن).

بە ڕوونی مێژووی گوند و گۆڕستانەکە دیار نییە، لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نووسراو یان ئاماژەیەک بە بوونی ڕێکەوتی ساڵی لەدایکبوون و مردن لە سەر کێڵەگۆڕەکانی گۆڕستانەکە. بۆیە لەبەر نەبوونی هیچ جۆرە بەڵگەیەکی زانستی، بە پشتبەستن بە بەڵگەی بەراوردکاری لە نێوان نەخشی سەر کێڵەگۆڕەکانی گوندی دۆڵەدزێ و کێڵەگۆڕەکانی گوندەکانی داوودیە و سیکەنە، کە تا ڕادەیەکی زۆر نەخشەکانیان هاوشێوەی یەکترن، لەوانەیە کێڵەگۆڕەکانی دۆڵەدزێش بە هەمان شێوەی کێڵەگۆڕەکانی داوودیە و سیکەنە مێژووەکەیان بۆ سەدەی ١٧، ١٨ی زایینی بگەڕێتەوە.

لە لایەکی ترەوە مێژووی گوندی دۆڵەدزێ بە پێی بەڵگەئاماری سەرژمێریی عێراقی ساڵی ١٩٥٧ ئاوەدان بووە، ڕێژەی دانیشتووانی ٥٩ کەس بووە (غەفوور ٢٠٠٥: ١٤٠). هاوشێوەی گوند و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ڕووبەڕووی چەندین گۆڕانکاریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بووەتەوە، هەروەها بوونی شوێنەواری جیاوازی وەک ئاشی ئاو.

گوند و شوێنەکانی دەوروبەری پەنایان بردووەتە ئەم گوندە، هەتا باراشەکانیان بهاڕن، کارکردنی ئەم ئاشانە بەردەوام بووە تا هاتنی عوسمانییەکان. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بێت گوندی دۆڵەدزێ پێش فەرمانڕەوایەتیی عوسمانییەکان لە کوردستان بوونی هەبووە. هاوکات لەگەڵ عوسمانییەکاندا بابانەکانیش دەسەڵاتداری ئەم شوێنە بوون، بەهۆی ئەوەی ئەم دەسەڵاتدارانە خاوەنی هێزی سەربازی بوون، ئەمە لە ناوچەکەدا کێشەی دەنایەوە، ئەمەش بەگشتی بەهۆی هەڵکەوتەی پشدەرەوە، ئەم گوندەش بە تایبەتی کە تێیدا بوو، چونکە خاوەنی زەویی کشتوکاڵیی بە پیت و بەرەکەت و ئاووهەوایەکی خۆش و دڵگیری هەیە. ئەم ناوچەیە شوێنی بنەماڵەی میرانی بابانی لێ بووە، وای کردووە بەردەوام ببێتە جێگەی چاوتێبڕین لەلایەن عوسمانی و سەفەوییەکانەوە، بۆیە ویستوویانە دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن بۆ لەناوبردنی

میرانی بابان. هەروەها چۆمی گوندەکە لە زستانان و بەهاراندا ئاستی ئاوەکەی زۆر بەرز بووەتەوە، بەهۆی ئەوەی لە دۆڵێکیشدا بووە، وای کردووە لافاو پاشماوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و چەندین جار کارەسات تێیدا ڕوو بدات. یەکێک لە ڕووداوەکان کە ڕووی داوە، باس لەوە دەکرێت بەو هۆکارەی ئاوەکە لە گوندی بێگڵاسەوە دێت، زۆر جار کەسێک بە سواری ئەسپ و هێسترەوە بەرەو ئەم گوندە هاتووە و خەڵکەکەی ئاگادار کردووەتەوە لە هاتنی لافاو و ئاوی زۆر، هەتا لە نزیک ڕووبارەکە دوور بکەونەوە، خۆیان و ئاژەڵەکانیان لە لافاو بپارێزن، سەرەڕای ئەوەش کارەساتی هەر لێ کەوتووەتەوە. وەک باس دەکرێت لە یەکێک لە ساڵەکاندا ٨ کەس بەهۆی لافاوەوە خنکاون (وەتمان ٢٠٢/١/١٥: چاوپێکەوتن).

لە مێژووی ئەم گوندەدا چەندین نەخۆشیی وەکوو تاعوون، لەرزوتا، سوورێژە و مێکوتە بڵاو بووەتەوە و بووەتە هۆی مەرگەساتی گەورە بۆ خەڵک، تەنانەت کاریگەریی لە سەر خەڵکی کردووە کە ناچار بن گوندەکە چۆڵ بکەن و مردووەکانیان لەم گۆڕستانەدا بنێژن. زۆر جار ناچار دەبوون پەنا ببەنە بەر "ئەسحابەی بێتۆڵ"، کە مەزارگەی ئیماندارێکی کۆنە لەو سنوورەدا (حەمزە، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

"مام وەتمان" ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت: "ئەوەی بیستوومە؛ بەهۆی منداڵبوونەوە زۆر لە دایکان مردوون، چونکە ژیانی سادەی ئەوکات و هەژاری و نەهامەتی مرۆڤی ماندوو دەکرد، لە ژوورێکدا ماڵ و منداڵ و ئاژەڵ پێکەوە بوون، بە چەپەر نێوان خۆیان و ئاژەڵەکانیان دەکرد، واتە نێوان خۆیان و ئاژەڵەکان لە ژوورێکدا تەنها چەپەر بووە، بۆیە نەخۆشیی جۆراوجۆر بوونی هەبووە،



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (٣)
گۆڕستانی داوودیە (توێژەر)

مردنی ئازیزان بە شێوەی کۆمەڵ هاتووەتە کایەوە. بەردە کێلە نەخشکراوەکانی ئەو گۆڕستانە لە چیای 'سوێسنێ'وە هێنراون، هونەرمەندی جوانکردنی کێلەکان لە گوندی 'سیکەنە'وە هاتوون، تا ئێستا بنەماڵەی ئەو هونەرمەندانە لەم گوندە ماون، نازناوی کێڵ دروستکەریان پێ دەڵێن، وەک ئەوەی لە بابوباپیرانمەوە وەرمانگرتووە، مێژووی ئەو کێلانەش بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە" (وەتمان ١٥ /٢٠٢/١: چاوپێکەوتن).

بە شێوەیەکی گشتی گۆڕەکانی گۆڕستانی دۆڵەدزێ بۆ سێ جۆر گۆڕی جیاواز دابەش دەکرێن:

١. گۆڕە نەخشکراوەکان: ژمارەیان ٨ دانەیە، مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەمانە کە بە نەخشی ئەندازەیی، ڕووەکی و نووسین نەخشێنراوە، بەڵام بەشێک لە کێلەگۆڕەکانی ئەم گۆڕستانە تووشی تێکچوون و دزین بوونەتەوە، ئەوەی ماوە هەندێکی شکێنراوە و بەشێکی کێلەکان بە تەواوی ماوەتەوە.

٢. گۆڕە سادەکان: بەشی زۆری گۆڕستانەکە پێک دەهێنێت، بە سادەیی لە دوو بەردی سادە دروست کراون کە لەلای سەر و لای پێی گۆڕەکە دانراوە، هەندێکیان بەردی لاگۆڕیان هەیە، بەشێکی بەردێک، یان هیچی نەماوە.

شیکاریی کێلی گۆڕستانی دۆڵەدزێ: ژمارەیان هەشت کێلە، ئەو گۆڕستانە زیانی زۆری بەرکەوتووە، بەهۆی کاریگەرییە مرۆیی و سروشتییەکانەوە، بەشێکی کێلەکان زیانیان پێ گەیشتووە، بەشێکی شکاون، هەندێک لە کێلەکان تووشی دزی و تاڵانی بوونەتەوە، بۆیە تەنها هەشت لە کێلەکان ماونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی نەخشەکانی لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی و نووسینەکی پێک هاتووە. کاری شیکاری بۆ هەر کێلێک دەکەین، لەگەڵ دانانی ژمارەی شیکاری بۆ کێلەکان.

٣. گۆڕە تازەکان: لە بەشی باکووری گۆڕستانەکە، تا ئێستا مردووی تێدا دەنێژرێت.

## باسی یەکەم:
## هێما و نەخشی کێلەگۆڕەکانی گۆڕستانی گوندی داوودیە.

### ١-١. کێلی گۆڕی یەکەم

ئەم کێلە دەکەوێتە لای سەری مردووەکەوە، نەخشەکانی بە تەواوی نەماون بەهۆی شکان بە هۆکاری مرۆیی. بەشی خوارەوەی شکاوە، بەشی سەرەوەی بە تەواوی ماوەتەوە، لە شێوەی نیوکەوانەیی دروست کراوە. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگسپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە، پێوانەکانی بەم شێوەیە، بەرزی: ٤٥سم، بەهۆی شکانەوە بەرزیی ڕاستەقینەی نازانرێت، پێوانەی پانی: ٣٨سم، ئەستووری: ٦سم. یەک ڕووی نەخشکراو هەیە: ڕووی پشتەوە، گومان دەکرێت بە چەند بەشی نەخشکراو ڕازابێتەوە، تەنها یەک بەش لە نەخش و ڕازاوەکانی ماوە، نەخشەکانی لە جۆری ڕووەکی و ئەندازەیی پێک هاتووە کە بە شێوەی ڕووچاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە، بریتییە لە بازنەیەکی گەورە، ناو بازنەکە بە نەخشی ڕووەکی ڕازاوەتەوە، لە یەک جۆر گوڵ بە شێوەی دووبارەبووەوە و پێچەوانە و هەڵگەڕاوە کێشراوە، چوار گوڵی لەخۆ گرتووە، لە ژێرەوەی هەر چواریاندا، لە خاڵێکدا بە یەک دەگەن و ناوەوەی بازنەکەیان پڕ کردووەتەوە (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٢).

### ١-٢. کێلی گۆڕی دووەم

ئەم کێلی گۆڕەی لای سەری مردووەکە نەخشەکانی بە تەواوی نەماوە، بە هۆکاری شکانی بەشی خوارەوەی. بەشی سەرەوەی بە تەواوی ماوەتەوە، لە شێوەی نیوکەوانیدا دروست کراوە، ڕەگەزی بیناسازیی پێوە دیارە. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگ سپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە، پێوانەی بەرزی: ٦٠سم، بەرزیی ڕاستەقینەی بەهۆی شکانەوە نازانرێت و پانی: ٤١سم، ئەستووری: ٤سم. گومان دەکرێت بە چەند نەخشێک ڕازابێتەوە، تەنها یەک یەکە لە نەخش و ڕازاوەکانی ماوە.

نەخشەکانی لە جۆری ڕووەکی و ئەندازەیی، لە یەک ڕووی نەخش کراوە ئەویش ڕووی دەرەوەیەتی کە بریتییە لە چوار بازنە کە لە ناو یەکتریدا بە شێوازی دووبارەبوونەوە بە تیرەی جیاواز دروست کراون، نێوان بازنەکانی یەکەم و دووەم بە هێڵێکی بچووکی دووبارەبووەوە، بە شێوەی یەک لەدوای یەک، شێوەی ژمارە ٧ و ٨ی کوردییان بە پاڵ یەکەوە وەرگرتووە، نێوان بازنەی دووەم و سێیەم بە بەتاڵی ماوەتەوە، نێوان بازنەی یەک و دوو بە گوڵێکی شەشپەڕی شێوە دەنکۆڵەیی، لای ڕاستی خوارەوەی بازنەکان دوو شوێنی هەڵکۆڵراو هەیە، نازانرێت چییە، بەهۆی شکانەوە کاریگەریی بیناسازیی شارەکانی هەولێر و موسڵی پێوە دیارە (وێنەی و هێڵکاریی ژمارە ٣).

١-٣. کێلی گۆڕی سێیەم

ئەم کێلی گۆڕە لای سەری مردووەکەیە، بە شێوەی نیوکەوانەیی دروست کراوە، نەخشەکانی بە تەواوی نەماون و وشکاون، بە هۆکاری زیانگەیاندنی مرۆیی، بەشی خوارەوەی شکاوە. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگسپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە. پێوانەکانی بەرزی: ١٣٣سم، بەهۆی شکانەوە بەرزیی ڕاستەقینەی نازانرێت، پانی: ٣٥سم، ئەستووری: ٨سم. نەخشەکانی بۆ سێیەکی نەخش و ڕازاوەی نایەکسان لەگەڵ کێشرانی ٨ هێڵدا دابەش کراون، بە پانیی کێلەکە هێڵەکان بە شێوەی ئەندازەیی تا ڕادەیەک نارێک کێشراون (وێنەی و هێڵکاریی ژمارە ٤).

نەخشی یەکەم دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێلەکە. بەشی سەرەوەی کێلەکە بە سێ هێڵی نارێک کێشراون، ناوەڕاستی نەخشەکە بە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی دروست کراون، لە شێوەی ئەندازەیی، لە یەک بازنە و دوازدە سێگۆشە پێک هاتوون، شەش دانە سێگۆشە لە ناوەوەی بازنەکەیە، شەش دانە لە دەرەوەی بازنەکە، بنکەی سێگۆشەکان کەمێک کەوانەیی دێنە بەرچاو، بەهۆی دروستکردنی لە سەر هێڵی بازنەکە. شەش دانەی دەرەوەی بازنەکە لەگەڵ هێڵی بازنەکە شێوەی گوڵێکی شەشپەڕییان دروست کردووە، شەش دانە سێگۆشەکەی ناوەوەی بازنەکە لەگەڵ هێڵی بازنەکە شێوەی گوڵێکی شەشپەڕیی دروست کردووە

نەخشەکان بە شێوازی دووباربوونەوە و هەڵگەڕاوە کێشراون.

نەخشی دووەم دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی کێلەکە، بە سێ هێڵی نارێک لەگەڵ نەخشی یەکەمدا لە یەکتری جیا کراونەتەوە، نەخش و ڕازاوەکان بە شێوەی ئەندازەیی و ڕووەکی کێشراون. نەخشی ئەندازەیی لە سێ بازنە و هەژدە سێگۆشە پێک هاتووە، هەر بازنەیەک شەش دانە سێگۆشەی تێدایە، شێوە گوڵێکی شەشپەڕیی کراوەیان دروست کردووە، هاوشێوەی بازنە و سێگۆشەکانی ناوەوەی یەکەی یەکەم و دووەم کە بە شێوە دووبارەکردنەوە کێشراون.

نەخشی سێیەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی کێلەکە، بە دوو هێڵی نارێک لەگەڵ نەخشی دووەمدا لە یەکتری جیا کراونەتەوە، نەخش و ڕازاوەکانی بە شێوەی ئەندازەیی و ڕووەکی کێشراون. بەشی خوارەوەی شکاوە. نەخشی ئەندازەییەکان لە دوو بازنە و دوازدە سێگۆشە پێک هاتوون، هەر بازنەیەک شەش دانە سێگۆشەی تێدایە، شێوە گوڵێکی شەشپەڕیی کراوەیان دروست کردووە، هاوشێوەی بازنە و سێگۆشەکانی ناوەوەی نەخشی یەکەم و دووەم کە بە شێوەی دووبارەکردنەوە کێشراون. بوونی وێنەی شمشێرێک لە نێوان هەر دوو بازنەکەدا کێشراوە کە دەسکی لە سەرەوە و لەشەکەی لە خوارەوەیە، بە هۆکاری شکانی کێلەکە بە تەواوی بەدیار نەکەوتووە.



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (٤)

گۆڕستانی داوودیە (تویژەر)



وێنه‌ و هێڵکاریی ژماره‌ (٥)
گۆڕستانی (تویژه‌ر)

### ١-٤. کێلی گۆڕی چواره‌م

ئه‌م کێلی گۆڕه‌ لای سه‌ری مردووه‌که‌، به‌شی خواره‌وه‌ی به‌ هۆکاری شکاندنی؛ نه‌خشه‌کانی به‌ ته‌واوی نه‌ماوه‌. به‌شی سه‌ره‌وه‌ی له‌ شێوه‌ی هێلکه‌ییدا به‌ ته‌واوی ماوه‌ته‌وه‌، له‌ به‌ردی مه‌رمه‌ڕی ڕه‌نگسپیی شێوه‌ لاکێشه‌یی دروست کراوه‌، پێوانه‌کانی به‌رزی: ١٢٢سم، به‌رزیی ڕاسته‌قینه‌ی نازانرێت، به‌هۆی شکانه‌وه‌ و پانی: ٥١سم، ئه‌ستووری: ٦سم. گومان ده‌کرێت به‌ چه‌ند یه‌که‌یه‌ک نه‌خش کێشرابێت، ته‌نها یه‌ک له‌ نه‌خش و ڕازاوه‌کانی ماوه‌، به‌ شێوه‌ی چاڵی ته‌نک هه‌ڵکۆڵراوه‌.

نه‌خشه‌کانی له‌ جۆری ڕووه‌کی و ئه‌ندازه‌یی پێک هاتوون. یه‌ک ڕووی نه‌خش کراوه‌، ڕووی ده‌ره‌وه‌یه‌تی، بریتییه‌ له‌ چوار هێڵی کێشراو له‌گه‌ڵ دوو بازنه‌ که‌ به‌ تیره‌ی جیاواز دروست کراون، به‌ شێوازی دووباره‌بوونه‌وه‌. ناوه‌وه‌ی هه‌ریه‌که‌یان به‌ شه‌ش سێگۆشه‌ پڕ کراوه‌ته‌وه‌، له‌ ناوه‌ڕاستی شێوه‌ی گوڵێکی کراوه‌دا دروست بووه‌.

ئه‌م کێله‌ زۆر گرنگه‌، وه‌کوو له‌ سه‌ره‌وه‌ باس کراوه‌ به‌هۆیه‌وه‌ مێژووی گۆڕستانه‌که‌ زانراوه‌، به‌ کێشرانی وێنه‌ی ده‌مانچه‌یه‌کی بارووتی له‌گه‌ڵ تووره‌که‌ی گولله‌ و بارووته‌که‌یدا نه‌خشێنراوه‌، ئه‌ندازه‌یی بازنه‌یی و لاکێشه‌یی به‌ شێوه‌ی ڕیز و دووباره‌بوونه‌وه‌ و پێچه‌وانه‌ (وێنه‌ی و هێڵکاریی ژماره‌ ٥).

### ١-٥. کێلی گۆڕی پێنجه‌م

ئه‌م کێلی گۆڕه‌ی لای سه‌ری مردووه‌که‌، به‌ هۆکاری شکانیه‌وه‌، به‌شی سه‌ره‌وه‌ی نه‌خشه‌کانی به‌ ته‌واوی نه‌ماوه‌. به‌شی خواره‌وه‌ی به‌ ته‌واوی ماوه‌ته‌وه‌. به‌شی سه‌ره‌وه‌ی پانتره‌ له‌ به‌شی خواره‌وه‌ی. له‌ به‌ردی مه‌رمه‌ڕی ڕه‌نگسپیی شێوه‌ لاکێشه‌یی دروست کراوه‌، پێوانه‌کانی به‌م شێوه‌یه‌یه‌: به‌رزی: ١٤١سم، به‌رزیی ڕاسته‌قینه‌ی نازانرێت، به‌هۆی شکانه‌وه‌ و پانی:٤٠سم، ئه‌ستووری: ٧سم. به‌ سێ یه‌که‌ نه‌خش کێشراوه‌، ته‌نها یه‌که‌ی یه‌که‌م نه‌خش و ڕازاوه‌کانی زیانی پێ گه‌یشتووه‌، به‌ هۆکاری مرۆیی. به‌ شێوه‌ی ته‌نک هه‌ڵکۆڵراوه‌. ئه‌و کێله‌ جیاواز له‌ کێله‌کانی تر، بنکه‌که‌ی به‌ ته‌واوی له‌ سه‌ر شێوه‌ی ده‌م یان نووکی خه‌نجه‌ر ماوه‌ته‌وه‌. هیچ نه‌خش و ڕازاوه‌ی بۆ نه‌کراوه‌، چونکه‌ ئه‌و به‌شه‌ی له‌ زه‌وی ده‌چه‌قێت؛ کێله‌که‌ به‌ به‌رزی ڕاده‌گرێت. به‌رزیی بنکه‌که‌ی: ٤٠سم (وێنه‌ و هێڵکاریی ژماره‌ ٦).

نه‌خشی یه‌که‌م ده‌که‌وێته‌ به‌شی سه‌ره‌وه‌ی کێله‌که‌، نه‌خش و ڕازاوه‌کانی زیانی پێ گه‌یشتووه‌، به‌هۆی شکانی به‌شی سه‌ره‌وه‌ی. به‌ نه‌خشی ئه‌ندازه‌یی و ڕووه‌کی جوان کراوه‌، ته‌نها به‌ نزیکه‌یی نیو بازنه‌ی له‌ نه‌خشه‌که‌ی ماوه‌، له‌گه‌ڵ سێ سێگۆشه‌ و په‌ڕێک له‌ گوڵی ناو بازنه‌که‌.

نه‌خشی دووه‌م به‌ چوار هێڵی ناڕێک له‌ یه‌که‌ی یه‌که‌م جیا کراوه‌ته‌وه‌، له‌ دوو بازنه‌ و دوازده‌ سێگۆشه‌ دروست کراوه‌، هه‌ر بازنه‌یه‌ک شه‌ش سێگۆشه‌، گوڵێک له‌ ناوه‌ڕاستیدا کێشراوه‌، به‌

شێوەی دووبارەبوونەوە پێچەوانەی دروست کراوە.

نەخشی سێیەم دەکەوێتە خوارەوەی کێلەکە، بە پێنج هێڵی نارێک لە یەکەی دووەم جیا کردووەتەوە، بە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی جوان کراوە، لە بازنەیەکی گەورە و دوازدە سێگۆشە دروست کراوە. شەش سێگۆشە لە ناوەوەی بازنەکە کێشراوە، بە شێوەی دووبارەبوونەوە و پێچەوانە دروست کراون، شێوە گوڵێکی شەشپەڕییان دروست کردووە، شەش لە ڕووی دەرەوەی بازکە و سەر هێڵی بازنەکە کێشراون. بە شێوەی دووبارەبوونەوە و پێچەوانە دروست کراون و شێوەی گوڵێکی شەشپەڕییان دروست کردووە.

### ١-٦. کێلی گۆڕی شەشەم

ئەم کێلی گۆڕە لای سەری مردووەکە، بەشی سەرەوەی کێلەکە و نەخشەکانی بە تەواوی ماوە، بەشی خوارەوەی کێلەکە بە هۆکاری مرۆیی شکاوە. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگسپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە. پێوانەکانی بەم شێوەیەیە: بەرزی: ١٢٠سم، بەرزیی ڕاستەقینەی کە بە هۆکاری مرۆیی زیانی پێگەیشتووە نازانرێت، پانییشی: ٥٧سم، ئەستووری: ٧سم. بە یەک یەکە نەخشی کێشراوە. نەخش و ڕازاوەکانی بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراون، نەخشەکانی لە جۆرەی ڕووەکی و ئەندازەیی پێک هاتوون. لە یەک ڕووی نەخش کراوە کە ڕووی دەرەوەیەتی.

نەخشەکەی لە شێوەی لاسایکردنەوەی پەنجەرەی خانوودا دروست کراوە. لە سێ بازنە و شەش سێگۆشەی دووبارەدا، کە بە پێچەوانەی یەکتری دروست کراون. سێ بازنەکە بە هەریەکەیان هەشت سێگۆشە پڕ کراونەتەوە، بە شێوەی دووبارەبوونەوە پێچەوانەی یەکتری، شێوە گوڵێکی



وێنە و هێڵکاریی (٦)

گۆڕستانی داوودیە (توێژەر)

هەشتپەڕییان دروست کردووە.

لە خوارەوەی بازنەکان نەخشی هاوشێوەی کەتیبەی پەنجەرەیەک دێتە بەر چاو. لە چوارگۆشەیەکی گەورە پێک دێت، بە چوارگۆشە و سێگۆشە پڕ کراوەتەوە، بە شێوەی دووبارەبوونەوە و هەڵگەڕاوە.

لە سێ لای هاوشێوەی کەتیبەکە لاکێشە نەخشێنراو هەیە، دوو دانەیان، هەریەکەیان دەکەونە لایەکی، سێیەم دانە لە ژێرەوەی کێشراوە. لە دوو لای لاکێشەی سێیەمدا دوو لاکێشەی بچووک هەیە (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٧).

## باسی دووەم:

## هێما و نەخشی کێلی گۆڕەکانی گوندی دۆڵەدزێ

### ٢-١. کێلی گۆڕی یەکەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەدایە، بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە تەواوی ماوەتەوە، لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە، بەڵام بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە ڕەنگەکەی



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (٨)
دۆڵەدزێ (توێژەر)

داپۆشیوە. پێوانەکانی بەرزی: ١٢٠سم، پانی: ٣٦سم، ئەستووری: ٦سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە تەنها نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە، کە بە شێوەی چاڵ ئەنجام دراون.

نەخشی یەکەم دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێلەکە، کەمێک لە ناوەڕاستەوە نزیکە، لە شێوە لاکێشەیەکی گەورە پێک هاتووە کە ناوەوەی لاکێشەکە بە چوارگۆشەی بچووک پڕ کراوەتەوە، کە ژمارەیان سیی چوارگۆشەیە. ناوەوەی چوارگۆشەکان هەڵکۆڵراون، بۆ ئەوەی چێوەکەیان بە شێوەی دیار (بارز) دەربکەوێت. ئەم جۆرە نەخشە لە شێوەی تۆڕ یان پەنجەرە دەچێت، هەندێک جار کار و پیشەی مردووەکان لە سەر کێلەگۆڕەکەی هەڵکۆڵراوە. ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەگەر ئەم جۆرە نەخشە شێوەی تۆڕ بنوێنێت، لەوانەیە کەسی مردوو پیشەکەی ڕاوکردن بێت، یان لە شێوەی پەنجەرەدا بێت، یان تەنها بۆ جوانکاری نەخشەکە ئەنجام درابێت (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٨).

نەخشی دووەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی کێلەکە کە لە ژێر نەخشی یەکەمدایە. بریتییە لە سێ شێوە بازنە کە ناوەوەی هەڵکۆڵراوە، لە ئەنجامدا شێوە ئەستێرەیەکی دروست کردووە، تیشکەکانیان هاوشێوەی یەکترن، ژمارەیان هەشت تیشکە. بوونی شێوەی مانگ، ئەستێرە و خۆر لە فۆلکلۆری بابەتە ئایینییەکانە، لە سەر بیناسازیی کەلوپەلەکانی ڕۆژانە دەردەکەون. کێلەگۆڕیش یەکێکە لەو پێویستییانەی دوای مردن بەکار دەهێنرێن، کە پەیوەندیی بە ئایین و ڕۆژی دواییەوە هەیە. ئەم کێلە تەنها نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە کە بە شێوەی چاڵ ئەنجام دراوە.

٢-٢. کێلی گۆڕی دووەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە تەواوی ماوەتەوە، لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە، بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە، سێ درزی تێدا پەیدا بووە. پێوانەکانی بەم شێوەیەیە، بەرزی: ٦٧سم، پانی: ٢٦سم و ئەستووری: ٥سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە تەنها نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە کە بە شێوەی چاڵ؛ قووڵ ئەنجام دراوە، لەگەڵیدا هێڵکاری خەنجەر و شمشێر کێشراوە، لە سێ یەکەی نەخشێنراو پێک هاتووە کە هەرسێکیان بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراون (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٩).

نەخشی یەکەم لە بەشی سەرەوەی کێلەکەیە،



وێنە و هێڵکاریی (٩)

(توێژەر)

بە نەخشی ئەندازەیی کێشراوە، لە دوو لاکێشەدا لە ناو یەکتردا کێشراون، یەکیان گەورە و ئەوەی تریان بچووک، نێوانیان بە شێوەی سێگۆشە پڕ کراوەتەوە، یەک لەدوای یەکتری.

نەخشی دووەم لە ناوەڕاستی کێلەکەدا دروست کراوە، کە وێنەی خەنجەرێکی ڕاست کێشراوە، دەمی خەنجەرەکە بە ئاڕاستەی خوارەوەیە.

نەخشی سێیەم هێڵکاریی دوو دانە شمشێر کێشراوە، دەمەکەیان بە شێوەی نیوە دروستکراوە. هەردووکیان هاوشێوەن، بە پێچەوانەی یەکتر دروست کراون. کێلەکە زیانی مرۆیی پێوە دیارە، بەشی خوارەوەی شکاوە، کاریگەریی سروشتی پێوە دیارە تووشی شکان بووە.

## ٢-٣. کێلی گۆڕی سێیەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییە، بەشی سەرەوەی نازانرێت، بە تەواوی نەماوەتەوە. لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای لێ کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. کاریگەریی مرۆییشی بەسەرەوەیە. بەشی خوارەوە و سەرەوەی شکاوە. پێوانەکانی: بەرزی: ٥٠سم، پانی: ٤٥سم و ئەستووری: ٤سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە تەنها نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە کە بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە. (وێنە و هێڵکاریی ١٠).

بە هۆکاری کاریگەرییەکانی سەری، نەخشەکانی بە تەواوی نازانرێت، تەنها ئەو بەشەی لە کێلەکە ماوەتەوە. هێڵکاریی دوو دانە لە خڕخاڵی (پاوانە) لێکچوو هەیە، بە بوونی جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا، یەکێکە لە کەرەستەکانی جوانکاری، بە تایبەتی لەلایەن ئافرەتانەوە بەکار هاتووە، کە لە سەرووی گۆزینگەوە لە پێیان کردووە.

## ٢-٤. کێلی گۆڕی چوارەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە تەواوی ماوەتەوە، لە



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (١٠)

گۆرستانی دۆڵەدزی (توێژەر)

بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. پێوانەکانی بەم شێوەیە: بەرزی: ١٧٨سم، پانی: ٣٩سم و ئەستووری: ٥سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە نەخشی ئەندازەیی، ڕووەکی و نووسینی لەخۆ گرتووە کە بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە. لە چوار بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە.

نەخشی یەکەم بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراوە، بە شێوەی لاکێشەیی لە ناویدا بە دوو دێڕ لە نووسین، بە ڕێنووسی “نەسخ‘‘ بە تێکەڵاوی لەگەڵ “کوفی‘‘دا بەکار هاتوون، بە مەبەستی ئایینی“لا اله الا الله محمد رسول الله‘‘ تەواوکەری هێنانی شەهادەیە لە ئیسلامدا. لە سەر کێلەکە بە شێوەی پێش و پاش نووسراوە، لە دێڕی یەکەمدا نووسراوە “محمد رسول الله‘‘، وشەی “الله‘‘ بە تەواوی نەنووسراوە، تەنها نووسراوە “لە‘‘، لە دێڕی دووەمدا کە مەبەست لێی “لا اله الا الله‘‘یە، بە هەڵە نووسراوە “لا اله لله الەلا...‘‘، کۆتاییەکەی ڕوون نییە.

نەخشی دووەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی، لەگەڵ هێڵکاریی وێنەی دوو خەنجەر، لەلای چەپی نەخشی ئەندازەیی پێک هاتووە، لە نەخشی لاکێشەیەک و پێنج لایەکی لا نارێک، لە ناوەڕاستی ئەم یەکەیەدا وێنەی دوو خەنجەر کێشراوە، بە ئاراستەی خوارەوە جیاوازییان هەیە لە دەسک و دەمەکەی. لە یەکەم هێڵێکدا کە تێیدا کێشراوە، لای ڕاستی وێنەی بازنەیەک کراوە، ناوی بە شێوە گوڵێکی شەشپەڕ پڕ کراوەتەوە (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ١١).

نەخشی سێیەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکیدا لەگەڵ هێڵکاریی وێنەی شمشێرێک. بەشی سەرەوەی ئەم یەکەیە لە دوو بازنەی هاوشێوە دروست کراون، ناویان بە شەش سێگۆشەی لێکچوو پڕ کراوەتەوە کە شێوە گوڵێکی شەشپەڕی وەرگرتووە. بەشی خوارەوەی یەکەکە وێنەی شمشێرێک کێشراوە، دەمەکەی بە ئاراستەی لای چەپ کێشراوە.



وێنە و هێڵکاریی (١١)
گۆڕستانی دۆڵەدزێ (توێژەر)

نەخشی چوارەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی لەگەڵ وێنەی دوو شمشێردا بە هەڵگەڕاوی بەرانبەر یەکتری دروست کراون. دەمی شمشێرەکان هاوشێوەن، بەڵام دەسکەکانیان جیاوازە لەگەڵ کێشرانی دوو سێگۆشەی هاوشێوەدا، بە شێوەی هەڵگەڕاوە، بە شێوەی چاڵی قووڵ هەڵکۆڵراون.

### ٢-٥. کێلی گۆڕی پێنجەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی گۆییە، بە تەواوی ماوەتەوە. لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە، بە هۆکاری

ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. پێوانەکانی بەرزی: ١٩٢سم، پانی: ٣٤سم و ئەستووری: ٤سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە نەخشی ئەندازەیی، ڕووەکی و نووسینی لەخۆ گرتووە، کە بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە. لە سێ بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە، تووشی داخوران و کەشکاری بووەتەوە (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ١٢).

نەخشی یەکەم بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی پێک هاتووە، دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێلەکە. نەخشە ئەندازەییەکانی لە جۆری بازنە و سێگۆشەن، یەک بازنە لەگەڵ بیست و چوار سێگۆشەدا، دوازدە دانەی لە ناوەوەی بازنەکەدایە، دوازدە دانەی لە دەرەوەیەتی. بنکەی سێگۆشەکان لە سەر هێڵی بازنەک کێشراون، شێوەی گوڵێکیان دروست کردووە، سەرجەم سێگۆشەکان هاوشێوەن، بە کۆپیکراوی لە تەنیشت یەکتری ڕیز کراون.

نەخشی دووەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە، وێنەی دوو خەنجەر بە لاری کێشراوە، بە ئاڕاستەی لای ڕاست، قەبارە و شێوەیان جیاوازە، دانەیەکیان گەورە و ئەوی تر بچووکترە.

نەخشی سێیەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە. وێنەی دوو شمشێری هاوشێوە کێشراون. شێوەیەکی پێچەوانی وەرگرتووە، دەمەکانیان بە ئاڕاستەی خوارەوەیە.

### ٢-٦. کێلی گۆڕی شەشەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی گۆییە، بە تەواوی ماوەتەوە. لە بەردی



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (١٢)
گۆڕستانی (توێژەر)

ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. بە هۆکاری مرۆیی بەشی خوارەوەی کێلەکە شکاوە. پێوانەکانی بەم شێوەیەیە: بەرزی: ١٢٩سم، پانی: ٣٩سم و ئەستووری: ٦سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە، کە بە شێوەی چاڵ قووڵ هەڵکۆڵراوە، لە یەک بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە. تووشی داخوران و کەشکاری بووەتەوە.

نەخشەکەی لە بازنەیەک و هەشت سێگۆشە لە ڕووی ناوەوەی بازنەکە دروست کراوە، بنکەکان لە سەر هێڵی بازنەکەن، هاوشێوەن، بە پێچەوانەی یەکترەوە کێشراون، بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراون، شێوەی ئەستێرەی وەرگرتووە (وێنە و هێڵکاریی ١٣).

### کێلەگۆڕی حەوتەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی گۆییە، بە تەواوی ماوەتەوە. لە بەردی



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (١٣)
گۆڕستانی دۆڵەدزێ (تویژەر)

ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. بە هۆکاری مرۆیی بەشی خوارەوەی کێلەکە شکاوە. پێوانەکانی بەرزی: ١١٩سم، پانی: ٣٧سم و ئەستووری: ٦سم. یەک ڕووی نەخش کراوە، ڕووی دەرەوەیە. نەخشەکانی لە جۆرەی ئەندازەیی و ڕووەکی، لە سێ بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە. کێلەکە بە تەواوی نەماوەتەوە. هۆکاری سروشتی و مرۆیی بەسەرەوەیە، تووشی داخوران و کەشکاری بووەتەوە (وێنە و هێڵکاریی ١٤).

نەخشی یەکەم بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی پێک هاتووە، دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێلەکە. نەخشە ئەندازەییەکانی لە جۆری بازنە و سێگۆشەن. یەک بازنە لەگەڵ سێزدە سێگۆشەدا لە دەرەوەی بازنەکەن. بنکەی سێگۆشەکان لە سەر هێڵی بازنەکە کێشراون، شێوەی گوڵێکیان دروست کردووە. سەرجەم سێگۆشەکان هاوشێوەن، بە کۆپیکراوی لە تەنیشت یەکتری ڕیز کراون، ناوەوەی بازنەکە بە گوڵێکی شەشپەڕ پڕ کراوەتەوە، هەموویان وەکوو گوڵێکی گەورە بەدیار کەوتوون.

نەخشی دووەم دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی کێلەکە، بە چوار هێڵی یەکسان بە تەریبی یەکتر لەگەڵ یەکەی یەکەمدا جیا کراونەتەوە، بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراون. لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی پێک هاتوون. نەخشە ئەندازەییەکەی لە جۆری بازنە، ناوی بە گوڵێکی هەشتپەڕ پڕ کراوەتەوە.

نەخشی سێیەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی کێلەکە، بە پێنج هێڵی یەکسان بە تەریبی یەکتر، لەگەڵ یەکەی دووەمدا جیا کراونەتەوە. بەهۆی شکانی کێلەکە، نەخشەکەی بە تەواوی لەناو چووە.

## ٢-٧. کێلی گۆڕی هەشتەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە تەواوی ماوەتەوە، لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. بە هۆکاری مرۆیی، بەشی خوارەوەی کێلەکە شکاوە. پێوانەکانی



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (١٤)
گۆڕستانی دۆڵەدزێ (تویژەر)



وێنە وهێڵکاریی ژمارە (١٥)
گۆرستانی دۆڵەدزێ ( توێژەر)

بەم شێوەیە: بەرزی: ١١٦سم، پانی: ٣٩سم و ئەستووری: ٧سم. یەک ڕووی نەخش کراوە، ڕووی دەرەوەیە. نەخشەکانی لە جۆری ئەندازەیی و ڕووەکی، لە چوار بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە. کێلەکە بە تەواوی نەماوەتەوە. هۆکاری سروشتی و مرۆیی بەسەرەوەیە، تووشی داخوران و کەشکاری بووەتەوە، بەشێک لە بنکەی کێلەکە شکێنراوە.

نەخشی یەکەم لە بەشی سەرەوەی کێلەکەیە، شوێنی بۆ دیاری کراوە، بە بەتاڵی جێ هێڵراوە، هیچ نەخشێکی تێدا نەکراوە (وێنە و هێڵکاریی ١٥).

نەخشی دووەم دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی کێلەکە، بەشی هێڵی یەکسان بە تەریبی یەکتر لەگەڵ یەکەی یەکەمدا جیا کراونەتەوە. بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراون، لە نەخشی ئەندازەیی پێک هاتووە. نەخشە ئەندازەییەکەی لە چوار لاکێشەی گەورە دروست کراوە، دانەیەکیان زیانی بەر کەوتووە. هەر لاکێشەیەک بە هەشت سێ گۆشە پەڕ پەڕ کراوە. بە شێوەی کۆپی و پێچەوانە.

نەخشی سێیەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی کێلەکە، بە سێ هێڵی یەکسان بە تەریبی یەکتر لەگەڵ یەکەی دووەمدا جیا کراونەتەوە. نەخشەکەی لە ئەندازەیی و ڕووەکی پێک هاتووە. لە دوو بازنە تێکهەڵکێش کراون، هەر یەکەیان بە گوڵێکی شەشپەڕ پڕ کراوەتەوە، لە بازنەیەکیاندا سێ پەڕ دێتە بەرچاو، هونەرمەند وا پیشان دەدات هاوشێوەن، بەس لە سەر یەکتری دروست کراون، لە ژێرەوەی بە دوو هێڵی تەریب کۆتایی هاتووە، لە نەخشی چوارەم جیا کراوەتەوە.

نەخشی چوارەم نازانرێت چ جۆرە نەخشێک کێشراوە، بەهۆی شکانی.

## ئەنجام

سنووری هەرێمی کوردستان، سنووری میرنشینە کوردییەکان، ڕابردوو و گۆڕستانی هاوشێوە زۆرن، کێلەکانیان سادە نین، بەرزاییەکانی هەندێکیان چەند مەترێکن، مێژوویەکی کۆنیان هەیە، بە شێوەی هونەریی بەرز ڕازاونەتەوە، چەندین هێما، نەخش و نووسینی مەبەستداریان بۆ کراوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوونەتە پاشماوەی شوێنەواری گرنگ بۆ توێژەران، لێکۆڵەرەوان و سەرنجی گەشتیاران. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە: لە ڕوویی مێژووییەوە گرنگیی تایبەتییان هەیە بۆ مێژوونووسان، بۆ زانینی مێژووی چاخەکانی ناوەڕاست، بەهۆی شیکاریی نەخش و هێماکانی سەر کێلی گۆڕەکان. لە ڕووی شوێنەوارەوە زۆر گرنگن، دەتوانرێت بەشێکیان لە مۆزەخانەکان نمایش بکرێن، یان لە شوێنی خۆیان بکرێنە مۆزەخانەی تایبەت. لە ڕووی هونەرییەوە دەستڕەنگینیی هونەرمەندی کوردمان بۆ دەخاتە ڕوو لە ڕابروودا. لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە یارمەتیمان دەدات بزانین ژیان و ئاستی ڕابردوو لە کوردستاندا چۆن بووە. لە ڕووی گەشتیارییەوە دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت، بکرێن بە شوێنی شوێنەواری گەشتیاری.

## سەرچاوەکان

به کوردی:

١. بەرزنجی، مەهدی جەلال مستەفا (٢٠٢٤)، هونەری نەخش و نووسینی سەر بەرد لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووک و ڕووباری سیروان، لە سەدەکانی (١٢-١٤ک، ١٨-٢٠ز). نموونەی هەڵبژێردراو توێژینەوەیەکی شیکاریی مەیدانییە، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

٢. جەمیل ڕۆژبەیانی (٢٠٢١)، لە بارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە، چ١، ناوەندی چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٣. جسیکا (٢٠١٧). ڕووپێویی ناوچەی پشدەر و بتوێن، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور، ئەرشیف ژمارە ٦-٨.

٤. حەسەن، هەرێم و باوەزێیی، عومەر ئیسماعیل (٢٠٠٩). گەشتێک بە گوندی داوودیە، گۆڤاری پشدەر، ژمارە ٧.

٥. حەمزە، محەمەد بابەکر (٢٠٢٥/١/١٤). لەدایکبووی ١٩٦٥، پیشەی پێشمەرگە، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن.

٦. زەستی، خاتوو (٢٠٠٩)، داوودیە زێدی شێخ فەرخ، گۆڤاری مێرک، ژمارە ٤٥.

٧. شوێنەوارناس، محەمەد عەلی (٢٠٢٠)، هونەری نەخشی سەر کێلە بەرد لە ناوچەکانی پشتدەر، بتوێن، دوکان،

٨. غەفوور، عەبدوڵا (٢٠٠٥)، گوندەکانی کوردستان لە سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق - ١٩٥٧، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

٩. مارف، عومەر ئیسماعیل (٢٠١٢)، شێخ فەرخ و ئەستی (٥٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، گۆڤاری کەپر، ژمارە ١١.

١٠. وەتمان، ئەحمەد وەتمان ٢٠٢٥/١/١٥، چاوپێکەوتن. لەدایکبووی ١٩٥١، پیشە: پێشمەرگەی دێرین، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن.

١١. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵ و سەرچاوەکان. ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی پشدەر، هۆبەی زەویوزار.

١٢. یاسای ژمارە ٥، ساڵی ٢٠٢١، پەرلەمانی کوردستان، هەولێر.

سەرچاوە عەرەبی

١. البرلسی، صلاح الدين (١٩٩٠م)، التعريف على الأسلحة النارية ومقذوفاتها، دار النشر بالمركز العربى للدراسات الامنية و التدريب بالرياض، رياض.

ملخص

تقع مقبرتا الداودية و دولەدزی في منطقة پشدر ضمن إدارة ڕاپرين بمحافظة السليمانية. تقع مقبرة الداودية (الشيخ فرخ) تحديدا في قرية الداودية، في القطاع الزراعي (٢٢)، التابع لناحية هلشو (٥)، شمال شرق مدينة قلادزە، في حين تقع مقبرة دولـەدزی في قرية دولـەدزی، في القطاع الزراعي (٣٧) التابع لناحية هالشويا، على بعد ١٢ كيلومترا شرق مدينة قلادزه .يعد تاريخ هاتين المقبرتين غير واضح في ظل غياب المصادر أو الأدلة التاريخية الموثوقة بشأنهما. لذا، تستند هذه الدراسة إلى تحليل النقوش والزخارف المنحوتة على شواهد القبور بهدف تتبع الأبعاد التاريخية للموقعين. ومن بين الشواهد اللافتة، يبرز شاهد قبر نقشت عليه صورة بندقية يعتقد أنها تعود إلى عام ١٤٤٦م، ما يشير إلى صلة محتملة بالعصور الوسطى .تتناول هذه الدراسة تحليلا شاملا للرسوم والنقوش المثبتة على الشواهد، والتي لم تنشر علميا من قبل. وتظهر إحدى الشواهد إهداء صريحا إلى الإسلام. أما الزخارف، فتتنوع بين أشكال هندسية كالدوائر والمثلثات والمستطيلات والنجوم اللامعة، إضافة إلى نقوش تمثل أسلحة تقليدية قديمة مثل الخناجر، والسيوف، والبنادق البدائية (البارود)، ما يعكس رموزا ثقافية ودينية وتاريخية ذات دلالات غنيةالكلمات.

الكلمات المفتاحية: المقابر، شواهد القبور، الزخرفة الجنائزية، النقوش، التاريخ المحلي.

Abstract

This study examines the tombstones found in the Dawoodiyya and Douladzi cemeteries, located in the Pashdar region of the Raparin district, within the Sulaymaniyah Governorate. Specifically, the Dawoodiyya (Sheikh Farkh) cemetery is situated in the village of Dawoodiyya, Agricultural Sector 22, in the Halshuya subdistrict (5), northeast of Qaladze. In contrast, the Douladzi cemetery lies in the village of Douladzi, Agricultural Sector 37, approximately 12 kilometres east of Qaladze. Due to the absence of historical records or documented evidence regarding these cemeteries, the study relies on the inscriptions and decorative motifs carved on the gravestones to determine their historical significance. One notable gravestone, which features a depiction of a rifle, dates back to 1446 CE, indicating a possible origin in the medieval period.

This paper presents a systematic analysis of the visual elements and inscriptions found on these gravestones, many of which are documented here for the first time in academic literature. Among the findings is a gravestone explicitly dedicated to Islam. The gravestone decorations primarily consist of geometric patterns such as circles, triangles, rectangles, and radiant stars, as well as surface engravings depicting traditional weaponry, including daggers, swords, and firearms. These elements offer valuable insights into the symbolic, cultural, and historical contexts of the cemeteries.

Keywords: cemeteries, tombstones, grave decorations, inscriptions, medieval history, .Raparin, Sulaymaniyah